سەرۆك وەزیران بۆ وەزارەتی کارەبا: دەبێت ئامادەکاری تەواو بکرێت بۆ هاوینی داهاتوو



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ، ڕێنمایی وەزارەتی کارەبا دەکات کە تەواوکردنی پڕۆژەکانی چاککردنەوە و ئامادەکاری بۆ هاوینی داهاتوو .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا باویکردەوە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە سەردانی بارگای وەزارەتی کارەبای کرد لە بەغدا بۆ بەدواداچوون بۆ بڕۆپشچوونی پڕۆژەکانی وەزارەت و ئامادەکاریەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیە زیادەکانی سەر وزەی کارەبا لە هاوینی داهاتوودا"، هەروەها سەرۆك وەزیران بەدواداچونی کرد بۆ پلان و ئەو بەرنامانەی کە داڕێژراون لەگەڵ ئەو پلانانەی کە جێبەجێ دکرێن بۆ چاککردنەوە و فراوانکردن لەلایەن هەردوو کەمپانیای نەوتەوە جی ئی و سیمنسەوە".

بەگوتەی ڕاگەیندراوەکە" سودانی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە بریکاران و ڕاوێژکاران و هەردوو بەڕێوبەری گشتی وەزارەتەکەی لەخۆگرتبوو و تێیدا سەرجەم ڕێکارەکانی وەزارەت و داتا و ئەو ژمارانەی کە تایبەتن بە کێشەکردنەوەی پارە و ئەو بار قورسییەی کە لە داهاتودا پێشبینی دکرێت خرانەوە لەگەڵ هەنگاوەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونەوەی نیشانەکانی بار و جێنجاڵی تەڵی کارەبای نیشتمانی".

سەرۆك وەزیران" جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ئامادەکردنی وزەی کارەبا و دابینکردنی وەك پێشینەیەکی خزمەتگوزاری و پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندان لە وەزارەتی کارەبا".

هەروەها "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپاردەکانی پشووی نوێکردەوە سەبارەت بە پێویستی لەکەڵینەوە لە سەلامەتی ڕووشۆنەکانی گرێبەستکان و پەسەندکردنی کەمپانیا بەناوبانگەکان، بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان لە وەرگرتنی خزمەتگوزاری بەردەوام و دابینکردنی وزەی کارەبا".

سودانی "بەدواداچوونی بۆ ڕێکارەکانی وەزارەت کرد سەبارەت بە پڕۆژەکانی وزەی پاك و نوێبووەوە و بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی تایبەت بە فراوانکردن و پەرەپێدانی ئەم کەرتە".